

# کەمیی دایەنگەی حکوومی ئەرکی دایکان قورستر دەکات



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**لە ساڵانی رابردوودا بە هۆی گەشەی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان و هەڵکشانی خواستی دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزان، هەروەها بە هۆی زیاتربوونی هەل و دەرفەتی کار بۆ خانمان، بەردەوام رێژەی خانمانی کارمەند لە زیادبووندا بێت، بەڵام بەشێکی زۆریان سەرەڕای کاری ناوماڵ و هاوسەرداری و ئەرکی ئیداری لە فەرمانگەکەیان، هاوکات دایکن و پەروەدەی منداڵەکانیان گەورەترین بارگرانییان بۆ دروستدەکات، بەتایبەتی ئەو دایکانەی کە شوێنێک شک نابەن، تاوەکو لە کاتی دەوامکردندا منداڵی ساوای خۆیانی پێبسپێرن، هاوکات بەهۆی ئەو قەیرانەی کە لەئارادایە، ئەوانەی کە مووچەیان کەمە و توانای ئەوەیان نییە، منداڵەکانیان لە دایەنگەی ئەهلی دابنێن، بەردەوام رووبەڕووی کێشە و ئاستەنگ دەبنەوە، هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان سەرنج و تێڕوانینی زیاتریان هەیە.**

ژوان عەبدولقادر مامۆستایە و بەنیگەرانییەوە باس لە ئاریشەکانی خۆی و دوو منداڵەکەی دەکات و دەڵێت: «بەحوکمی ئەوەی دەوامەکەم سێ رۆژ بەیانیانە و سێ رۆژیش ئێوارانە، ئەو رۆژانەی بەیانیان بم، کێشەم کەمترە گەورەکەیان دەبەمە باخچەی ساوایان و بچووکەکەشیان دەبەمە دایەنگەی حکوومی، بەڵام کە دەوامەکەم پێچەوانە دەبێتەوە، رۆژێ لای خەسووم و رۆژێ لای دایکم و رۆژێ لای ئەم و ئەون، بڕوا بکەن بەزەییم بەحاڵی ئەو منداڵەدا دێتەوە، ئەوانیش وەکو من تووشی سەرلێشێواوی بوون، ئەوە جگە لەوەی دووریی نێوان ماڵی خەسووم و ماڵی دایکم لە ماڵی خۆمانەوە، رۆژانە زیاتر لە نیوسەعات لەدەوام دوام دەخات، ئێوارانیش بەهەمان شێوە تاوەکو منداڵەکانم دەهێنمەوە، درەنگتر دەگەمەوە ماڵ، ئەوە جگە لەوەش، لەم بێ مووچەییە ئەو هەموو هاتوچووە بۆ ئێمە بارگرانییە و کرێی تەکسیش زۆر گرانە، ئەو هیلاکییە و کەمبوونی دایەنگە و باخچەی ساوایان فشاری دەروونی بۆ دایکی فەرمانبەر دروستدەکات و رەنگە وای لێبکات نەتوانێ ئەرکەکەی بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکات، بۆیە داواکارم حکومەت چارەسەرێك بۆ کێشەی منداڵەکانمان بدۆزێتەوە.»

شیلان بیبانی خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کارگێڕی کار، سەبارەت بە کێشەی دایکانیش بە هۆی کەمبوونی دایەنگە و باخچەی ساوایان سەرەتا باسی ئەوە داکات کەوا

**وەکو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەلومەرجی ئێستادا وەک چارەسەرێک هانی کەرتی تایبەت دەدەین و کارئاسانییان بۆ دەکەین ئەگەر بیانەوێ دایەنگەی ئەهلی بکەنەوە، ئەوەش لە پێناو ئەوەی کە دایکەکان لە کاتی دەوامکردن جێگەیەکیان بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان هەبێت**

**هۆکاری کەمیی دایەنگە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە رابردوودا پلانێکی گشتگیر و ستراتیژ نەبووە بۆ چارەسەرکردنی، هاوکات کارکردن لەسەر ئەو پلانەش تەنیا ئەرکی یەک وەزارەت نییە، بەڵکو شانبەشانی وەزارەتی کار ئەرکی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستیشە**

**هەر فشارێکی ئابووری لەسەر هەر باوک و دایکێک کاریگەری خراپی دەبێت، بەتایبەتی فەرمانبەران و لەسەر ئەدای ئەوان لەکار و پیشەکەیاندا کاردانەوەی دەبێت، بەشێوەیەک کە ناتوانن سوود لەتواناکانیان وەربگرن**

«لەم قەیرانەدا گەورەترین کۆسپ بۆ دایکی فەرمانبەر چاودێریکردنی منداڵەکەیەتی، لە کوردستانیش دیارە بەهۆی کەمیی مووچە، دایەنگە حکوومیەکانیش روویان لە سستی کردووە، چونکە لەم کاتەدا کردنەوەی دایەنگەی زیاتر کارێکی ئەستەمە بۆ حکومەت لە رووی ئابوورییەوە، چونکە پێویستی بە دامەزراندنی کارمەندی نوێ و دابینکردنی کەل و پەل و جگە لەوەش جێگەی تایبەت هەیە، واتە هەموو ئەمانە تێچوی زوری دەوێت، بۆیە حکومەت لە ئێستادا بە کارێکی مەحاڵی لە قەڵەم دەدات، لە لایەکی دیکەوە ئەمە بۆتە هۆی قورخکردنی دایەنگە تایبەتەکان بەوەی کە دایەنگەی حکوومی کەمە، یان ئەوەشی هەیە لاوازە، بەمەش نرخی تایبەتەکان زۆر زیاد دەکات کە لەگەڵ ئاستی دارایی دایکانی فەرمانبەر ناگونجێ، چارەسەریش تەنیا ئەوەیە حکومەت دایەنگە دابینێت و لەبەرامبەردا برێك پارە وەربگرێت، واتە بەلایەنی کەم نیوەی پارەی دایەنگە تایبەتەکان بیت، بەمەش قازانج دوو لایەنە دەبێت، لایەنێکی حکومەتە کە داهاتێکی بۆ دەگەڕێتەوە و تێچووی دایەنگە و مووچەی کارمەندان دابین دەکات و بگرە پاشەکەوتیشی دەبێت، لایەنی دووەمیش دایکانن کە دەتوانن بە نیوەی قیمەتی پارەی پێشوو منداڵیان لە دایەنگەکان دابنێن، بۆیە لەو حاڵەتەدا چارەسەری بنەڕەتی پێویستە، نەك تەنیا رادەربڕین و کەڵەکەکردنی کێشەکان.»

ئەمیر بابان وەك توێژەرێکی دەروونی لە دەستپێکی قسەکانیدا ئەوە دەخاتەڕوو کەوا: «لە هەموو وڵاتانی دنیا واباوە حکومەت هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەلەکەی، بەڵام زۆر بەداخەوە لەم وڵاتەی ئێمە لە ئێستادا وای نابینین، سەرباری ئەم هەموو قەیرانی دارایی و سیاسی و یاساییەی کە یەخەی ئەم هەرێمەی ئێمەی گرتووە، منداڵانیش پشکی زۆریان لەم هەموو قەیران و نەهامەتییە بەرکەوتووە.» گوتیشی: «لەگشت وڵاتانی دنیا باشترین و چاکترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە منداڵان دەکرێت، بەڵام لای ئێمە بەداخەوە، ئەوە بەدی ناکرێ. لە کوردستان بەگشتی کۆمەڵێك داینگە هەن بۆ خزمەتکردن و پەروەردەکردنی منداڵانن بەڵام ئەوەی من دەیبینم بەشیکی زۆر لەو دایەنگەیانە ناحکوومین، واتە رێژەی دایەنگە حکوومییەکان زۆر کەمە و پێویستە حکومەتیش بەشێوەیەکی گشتی لەهەوڵی چارەسەرکردنی گشت قەیرانەکان بێت، بەتایبەت زیادکردنی داینگە حکوومییەکان، چونکە ئەگەر دایك، یان باوك فەرمانبەر بن، بە سێ مانگ نیو مووچەش وەربگرن، ئیتر چۆن بتوانن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، یاخود بینێرن بۆ داینگەی ئەهلی؟» گوتیشی: «لەئێستادا دایەنگەکان یارمەتیدەرێکی باشن بۆ دایکان و باوکان تابتوانن بێ دوودڵی سوود لەو کاتە وەربگرن و دڵنیابن کە منداڵەکانیان پارێزراون و لە هیچیان کەم نییە. هەرچەندە بە گوتەی پزیشکەکان، ناردنی منداڵی تەمەن بچووك و شیرەخۆر بۆ داینگە بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتە هۆی زیادبوونی رێژەی هۆڕمۆنی ماندووبوون لە منداڵ و ئەمەش سەردەکێشێ بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و روودانی کەموکورتی لە دڵی منداڵەکە، هەروەها پزیشکەکان ئەوەیان روون کردووەتەوە کە بێبەشبوونی منداڵی بچووك لە چاودێری و سۆزی دایك دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە هەڵسوکەوتی منداڵەکە هەروەها گەشەنەکردنی تەواوی مێشکی و تووشبوونی بە کەموکورتییەکانی تەندروستی، بەڵام لە ئێستادا ئەگەرچی ژیان زۆر سەختتر بووە، بەڵام دایکان و باوکان درێغی ناکەن لە ناردنی منداڵەکانیان بۆ دایەنگە و باخچەی ساوایان ئەگەر بۆیان بگونجێت.»

حەسیبە سەعید هەم مامۆستا و هەمیش دایکە و رایوایە: «لە هەموو شوێنێکی دنیا دایەنگە پردێکە لە نێوان منداڵان و ژینگەی دوای ئەم قۆناغەی بۆ خوشەویستکردن و حەزکردنی منداڵ بە مامۆستا و تێکەڵاویی کومەڵایەتی، کەچی لای خۆمان بەداخەوە زۆرجار دەبێتە میکانیزمێك بو ترسان و رق لێبوونەوە لەو ژینگەیە، لەلایەکی دیکەشەوە کەمیی رێژەی دایەنگە حکوومییەکان و ناچاری و نیازی دایکانی فەرمانبەر وایکردووە، کەسانێك بە شێوازێکی نابەرپرسانە لە خانوویەکی بچووکی بەکرێدا تابلۆیەکیان هەڵواسیوە بەناوی دایەنگەی ئەهلی و یەك دوو وینەیان لە سەر دیوارەکان نەخشاندووە کەچی زیاتر لە بەندیخانەی منداڵان دەچێت، بێگومان ئەوەش بە مەبەستی دەستکەوتنی مەبلەغێك پارەیە، گەر وا نەبێت، چۆن ژینگەی منداڵی ساوا دەبی ئەوها بێت؟ منداڵ لە دایەنگە و باخچەی منداڵان پێویستی بە یاری و کەسی پسپۆڕ و راهینانی تایبەت هەیە. پێویستە کەسانێ کە لەو شوێنانە کاردەکەن شارەزایی تەواویان لە سەر دەروونزانیی منداڵان هەبێت، ئەمەش وشەیەکی لێکدراوە کە پێکهاتووە لە: (زانست، دەروون، منداڵ)، لەگەڵ رێزم مەبەستم هەموو ئەو شوێنانە نییە و بەشێکیان وا نابەرپرسانە کاردەن، دەنا سوپاسی ئەوانە دەکەین کە بە دڵسوزی لە ئەرکدان.

سەبارەت بە کاریگەری دۆخی ئێستا و ناهەمواریی داهات و خەرجیی خێزان و ئەرك و مووچەی فەرمانبەران و بە زەحمەت دابینکردنی کرێی مانگانە بۆ دایەنگە و باخچەی ئەهلی، ئەوا دەبێت بڵێم: کوردگوتەنی (ماڵ خوی نەبوو، میوانیشی هاتەسەر.) واتە ئەوە فەرمانبەر خۆی پێ بەڕێ



ناچیت، کەچی ئەم بارە گرانەشی کەوتە سەرشان، بێگومان ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی فەرمانبەران دادەنێت کە بەشێکی زۆری ئەوەی دەستکەوتیەتی بیداتە داینگە، یان باخچەی ئەهلی، بۆیە پێویستە حکومەت و بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە گرنگیی زیاتر بەو قوناغە هەستیارەی پەروەردەی منداڵان بدەن و ئاسانکاری بۆ دایکان بکەن، چونکە هەموومان بەو قۆناغەدا تێپەڕیوین و ئەگەر بە تەواویش لەبیرمان نەمابێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەڵسوکەوت و راهێنانی ئەوکات کاریگەری خۆی لەسەر کەسایەتی هەر تاکێکمان داناوە.»

توێژەری کۆمەڵایەتی هێمن سالح سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بەوە دەکات کە: «لە دۆخی ئێستادا کە قەیرانی ئابوورییە، ئەو بڕە پارەیە زەختێکی زۆر دەخاتە سەرشانی دایکان و باوکانی مامۆستا و فەرمانبەران بەگشتی، لە دۆخێکدا کە ژمارەی داینگە حکوومییەکانیش کەمن و شوێنی ئەو هەموو منداڵەیان تیا نابێتەوە کە دایك و باوکیان فەرمانبەری حکومەتن، ئەوە وادەکات بردنی ئەو منداڵانە بۆ شوێنە ئەهلییەکان ناچاری بێت و هیچ بەدیلێکی دیکە نەبێت، بێگومان هەر فشارێکی ئابووری لەسەر هەر باوك و دایکێك کاریگەری خراپی دەبێت، بەتایبەتی فەرمانبەران و لەسەر ئەدای ئەوان لەکار و پیشەکەیاندا کاردانەوەی دەبێت، بەشێوەیەك کە ناتوانن سوود لەتواناکانیان وەربگرن. چونکە کەسی وا هێندەی لە بیری خۆیدایە، ناتوانێ لە بیری کاروکۆمەڵگەکەی خۆیدا بێت، بەوەش دواجار پرۆسەی پێشکەوتنی دام و دەزگاکانی حکومەت بەگشتی و پەروەردە بەتایبەتی بەرەو خراپی دەڕوات، لەبەرئەوە زۆر گرنگە حکومەت بۆ ئەوەی فەرمانبەری بەتوانا و باشی هەبێت، دۆخێکیان بۆ دروست بکات، کە ئەوان لە خەمی ژیان و کێشەکانیاندا نەبن و تاکێکی بەرهەمهێن بن لەوەی ئیسپاتی وجوودی خۆیان لە دامەزراوە حکوومییەکەدا بکەن، کە لە ئێستادا بەداخەوە بەو شێوەیەیە، زۆر گرنگە حکومەت لە ناو فەرمانگەکان و بۆ چەند ناوەندێکی خوێندن داینگەیەکی تایبەت بکاتەوە، کەسانی پسپۆڕ و کارامە وەکو مامۆستا بۆ ئەو داینگانە دابنێت و کۆلێژ و دامەزراوەی هاوشێوەی کۆلێژەکانی دیکە بۆ ئەو مامۆستایانەش بکاتەوە، بەوشێوەیە لەلایەك ئەرکی فەرمانبەر زۆر کەم دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەش دۆخێکی دەروونی گرنگ بۆ منداڵ دروست دەکات، جگە لەوەش لە رووی دەرونییەوە دەرکەوتووە کە بۆ منداڵ زۆر گرنگە لە باوك و دایکیەوە لەکاتی دەوامی دایك و باوکی نزیك بێت، واتە منداڵەکە هەست بەوە بکات ئەوانی لێنزیکە، ئەوەش کاریگەری باشی لەسەر دەروونی منداڵ و پڕۆسەی پەروەردەکردنی دەبێت.

لەلای خۆیەوە نەرمین ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، ئاماژەی بەوە دا کە «دایەنگەکانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان بە شێوەیەکی گشتی رێژەکەی بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی منداڵان زۆر کەمە، کەمیی دایەنگەش بۆتە گرفتی کۆمەڵگە و خێزان بەگشتی و دایکانی فەرمانبەر بەتایبەتی.» گوتیشی: «هۆکاری کەمیی دایەنگە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە رابردوودا پلانێکی گشتگیر و ستراتیژ نەبووە بۆ چارەسەرکردنی، هاوکات کارکردن لەسەر ئەو پلانەش تەنیا ئەرکی یەك وەزارەت نییە، بەڵکو شانبەشانی وەزارەتی کار ئەرکی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستیشە، دەکرێ حکومەت لەگەڵ بەرفراوانبوونی سنووری جوگرافیی شارەکان پلانی زیاتری هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەمڕۆ قەیرانی دارایی کێشەکانی گەورەتر کردووە، ئەگەر حکومەت پلانیش دابنێت رەنگە نەتوانێ جێبەجێیان بکات، وەك چۆن بەهۆی ئەو قەیرانەی رووی لە هەرێم کردووە، ناتوانێ لە ئێستادا قوتابخانە و نەخۆشخانەی زیاتر دروست بکات، بە هەمان شێوە دروستکردنی دایەنگەی زیاتر کارێکی ئاسان نابێت، چ لە رووی دروستکردنی بینا و چ لە رووی دابینکردنی کادیر و فەرمانبەر، ئێمە وەکو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەلومەرجی ئێستادا وەك چارەسەرێك هانی کەرتی تایبەت دەدەین و کارئاسانییان بۆ دەکەین ئەگەر بیانەوێ دایەنگەی ئەهلی بکەنەوە، ئەوەش لە پێناو ئەوەی کە دایکەکان لە کاتی دەوامکردن جێگەیەکیان بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان هەبێت.»

**دەکرێ حکومەت لەگەڵ بەرفراوانبوونی سنووری جوگرافیی شارەکان پلانی زیاتری هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەمڕۆ قەیرانی دارایی کێشەکانی گەورەتر کردووە، ئەگەر حکومەت پلانیش دابنێتن رەنگە نەتوانێ جێبەجێیان بکات**





# سیستمی وەرگرتنی قوتابیان و دۆخی قەیرانی دارایی خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

**بە مەبەستی گرنگیدان بە خولیای قوتابیان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگەکان، بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەمساڵ وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان جیاواز دەبێت و چیدی تەنیا بە شێوازی وەرگرتنی ناوەندی نابێت، بەڵکو لەمەودوا خوێندەڤانان دەتوانن لەو بەشەی کە دەیانەوێت لێی بخوێنن، فۆڕمی وەرگرتن پڕبکەنەوە. ئەو فۆرمانەی بە مەبەستی وەرگرتنی خێرا لە ڕێگەی وەرگرتنی ناوەندی بەسەر قوتابیانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی دابەش دەکرێت، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت و خوێندەڤانان نیگەرانی خۆیان لەوە دەردەبڕن کە نازانن سیستمی وەرگرتنی خێرا و سیستمی پاڕالێڵ تاچەند سوود بە ئایندەیان دەگەیەنێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان لەوبارەیەوە هەیە.**

ئا/ هێڤی بەکر

لە دەستپێکی ڕاپۆرتەکەدا شەوناز عەلی قوتابی پۆلی دوازدە، هێما بۆ ئەوە دەکات کەوا: ئەمساڵ لە زۆربەی زانکۆکان لەچەند کۆلێژێك و لەچەند بەشێك بەپێی چەند مەرجێکی دیاریکراو فۆڕمی وەرگرتنی ناوەندی (قبول مرکزی) بەسەر دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی دابەش دەکرێت، گوتیشی: «بەشێکی زۆری قوتابیان ڕوو لە ناوەندەکانی دابەشکردنی ئەم فۆڕمە دەکەن و زیاتریش ئەو قوتابیانەی کەوا کۆنمرەکانیان کەمە، ئەم فۆڕمەیان پڕکردووەتەوە بەڵام دیسانەوە هەندێك لەو قوتابیانە ناتوانن لەهەندێك بەش سوودمەند بن، چونکە مەرجی قورسیان لەسەر دانراوە. پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمانە بەپێی نمرەکانمان هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسان لەو بەشانەی ئارەزوومانە وەربگیرێین و مافی خوێندنی زانکۆ بەدەست بێنین، هەروەها بەشێوەی (پاڕالێڵ) یش چەند بەشێکی زانکۆکان قوتابی وەردەگرن، واتە ساڵانە بەبڕێك پارەی دیاریکراو قوتابیان دەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن لە زانکۆکان ئەو شێوازەش کۆنمرەی کەمتری دەوێ وەك لە وەرگرتنی ناوەندی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر لەو فۆڕمانەی کەوا مەرجی ٦٠ ٪ ___- ٦٥٪ یان داناوە ئەوەش سوودی هەیە بۆ ئەو قوتابیانەی کەوا لەچەند ساڵی ڕابردوو دەرچوون، بەڵام بەهۆی کەمیی کۆنمرەکانیان نەیانتوانیوە لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەك وەربگیرێن، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ئاسانکارییانەی کە بۆ قوتابی کراون، بەهۆی ئەو بارودۆخەو قەیرانی دارایی هەموو قوتابیان ناتوانن لە بەرامبەر خوێندنیان لە زانکۆ ئەو بڕە پارەیە بدەن.»

مارڤین بەکر دەرچووی پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە بەشی وێژەیی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کۆنمرەکەم نزمە و ناتوانم زۆربەی کۆلێژ و بەشەکان پڕبکەمەوە و تیایاندا وەربگیرێم، بەڵام ئەم فۆڕمەی کە لەلایەن بەشێك لە کۆلێژەکان لە ئێستادا دابەش دەکرێت لە ڕێگەی تاقیکردنەوەیەك قوتابیان وەردەگیرێن لەو بەشانەی ئەم فۆڕمە دابەش دەکەن بە شێوازی وەرگرتنی ناوەندی (قبول مرکزی)، ئەویش چەند مەرجێکی هەیە. من پێم شتێکی باشە ئەم فۆڕمانە دەدرێن بە قوتابیان و لێی سوودمەند بن، خۆم وەك قوتابییەك کە ئەو فۆڕمەم پڕکردووەتەوە، لە ئێستادا زۆر بەپەرۆشم بۆئەوەی ئەو بەشەی کە ناوم تیایدا تۆمار کردووە، بەدەستی بێنم. سوپاسی مامۆستایان و کارگێڕانی وەزارەت دەکەم کە ئەم ئاسانکارییەیان بۆ قوتابیان کردووە.»

شەیدا عومەر خوێندەڤانێکی دیکەی هەمان قۆناغە و ئەویش دەڵێت: من وەك قوتابییەك توانیم ئەو فۆڕمە وەربگرم و لێی



سوودمەند بم، چاوەڕێی ئەنجامەکانی ئەم فۆڕمەشم کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی دەرەکی ئەنجام دەدرێت و تیایدا ئاستی زانیاری قوتابیان هەڵدەسەنگێندرێت و بەپێی چەند مەرجێك قوتابی وەردەگیرێت، من ئەم مەرجانەم تیادا هەبووە و لە وانەکان کۆنمرەی پێویستم هەیە، چاوەڕێی ئەنجامەکانم کە تیر و پشکی بۆ دەکرێت، چونکە بەپێی ئەو کورسییانەی دایانناوە قوتابی وەردەگرن.»

محەمەد ئیسماعیل-یش دەرچووی پۆلی دوانزەیە و وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات، ساڵی پار کۆ نمرەکەی کەم بووە و بەوهۆیەوە نەیتوانیوە لە هیچ کۆلێژ و پەیمانگەیەك وەربگیرێت. ئەو قوتابییە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «ساڵی پار وەرنەگیرام و حەزم کرد ئەمساڵ لە ڕێگەی ئەم فۆڕمەوە لە یەکێك لە زانکۆکان وەربگیرێم، بەڵام ئەویش لەبەر ئەوەی کۆنمرەکەم لە ٦٠٪ کەمترە ناچارم بەشێوەی پاراڵێل واتە کرێی ساڵانە بەردەوام بم لە خوێندن و قۆناغی زانکۆم تەواو بکەم.»

هەردەوان مەحمود مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، بڕیاری وەرگرتنی ڕاستەوخۆ، بە بڕیارێکی باش دەزانێت و هاوکات دەڵێت: «بڕیاری باشیش بەبێ ڕەخساندنی هەلومەرجی باش بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتوو نابێت، بەڵگەش بۆ ئەو قسەیەم ئەوەیە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا نەیتوانی پابەند بێ بەو ڕێکەوتنانەی کە لەناو بڕیارەکەدا هاتبوو، بۆ نموونە کاتی تاقیکردنەوە بۆ پێشکەشکاران لە ٨/٢٨ تاوەکو ٩/١ دانرابوو بۆ سەرجەم بەشەکان، بەڵام دواخرا، بڕیار بوو ئەنجامی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە ٩/١٥ ڕابگەیەندرێ، بەڵام نەتوانرا لە وادەی خۆی جێبەجێ بکرێ، ئەم نموونانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا وەکو پێویست نەیتوانیوە زەمینەسازیی لەبار بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بکات.» گوتیشی: «سوودی ئەم بڕیارە لەوەیە کە قوتابیان لەسەر بنەمای حەزو خواستی خۆیان داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم سیستەمە پەرە بە تواناو لێهاتوویی قوتابیان دەدات لە کاتێکدا ئەم بنەمایانە لە سیستەمی وەرگرتنی ناوەندیدا ڕەچاو نەدەکرا.

سەبارەت بە پارەدانی قوتابی لە بەرامبەر وەرگرتنی بەشە ناوخۆیی، یان خوێندنی لە زانکۆ، ئەو مامۆستایەی زانکۆ گوتی: «ئەوە لەڕووی ئابوورییەوە بڕیارێکی دروستە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە لە چ کاتێکدا ئەم بڕیارە دروستە؟ ئەو کاتەی بارودۆخی ئابووری لەدۆخێکی خراپ و نالەبار بێت، ناتوانێ دروست بێت. گومان لەوەدا نییە ئێستا خەڵکی کوردستان لە قەیرانێکی دارایی زۆر سەختدا دەژین و ئاستی بژێوی ژیانی زۆرێك لە هاووڵاتیان لە لێواری دارِماندایە، بۆیە ناکرێ لەم بارودۆخە سەختەدا بڕیارێکی لەمجۆرە بەسەر قوتابیاندا بسەپێنرێت، تەنانەت خودی وەزیری خوێندنی باڵاش لە لێدوانە ڕۆژنامەنووسییەکەیدا ئاماژەی بەم مەترسییە کرد و گوتی: ڕەنگە ڕێژەیەکی کەم لە قوتابیان لەم دۆخە سەختە بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن. کردنەوەی کۆلێژی ئێوارانی ئەهلیش بڕوا ناکەم لە بەرژەوەندیی حکومەت بن، چونکە پێشتر بەبڕیارێك هەموو کۆلێژە حکوومییە ئێوارانەکانیان ڕاگرت کە خوێندن تیایدا بە پارە بوو، ناچار قوتابییان ڕوویان لە زانکۆ ئەهلییەکان کرد. بۆیە لەم کاتەشدا کردنەوەی کۆلێژی ئێوارانی ئەهلی کاریگەرییەکی دارایی ئەوتۆی نابێ.»

لەلای خۆیەوە عەباس ئەکرەم وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە گوڵان-ی ڕاگەیاند: ئەم شێوازی وەرگرتنی ڕاستەوخۆی زانکۆیی (قبول مركزی) لە ئێستادا کۆتایی پێهاتووە و بەشێکی زۆری قوتابیان ئەو فۆرمەیان وەرگرتووەو پڕیان کردۆتەوە، سیستەمی پاڕاڵێل-یش ئێمە دامانناوە و ئەو بەشانە خۆیان سەرپەرشتی ئەم شێوازی خوێندنە دەکەن، بەڵام سیستەمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆی زانکۆیی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئەمساڵ بۆ یەکەمجار ئەم شێوازە جێبەجێکرا لەهەرێمی کوردستاندا وەك قۆناغی سەرەتا لە ١٠٢ بەش لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگا حکوومییەکاندا، لە ئێستاشدا پڕکردنەوەی ئەو فۆڕمانە کۆتایی پێهاتووەو تەنیا ئەنجامەکان ماوە ڕابگەیەندرێ. لێرەدا ئامانجمان ئەوە بوو حەزو ئارەزووی قوتابیان لەبەرچاو بگرین و لەو بەشانەی خۆیان حەزی پێدەکەن، وەربگیرێن و مەرج بوو قوتابیان کۆنمرەی پۆلی ١٢یان لەسەدا ٦٠ کەمتر نەبێت کە تیایدا قوتابیان چاوپێکەوتنیان ئەنجامداوە لەسەر ٤٠ نمرە، هەروەها ٦٠ نمرەکەی دیکەش لەگەڵ کۆنمرەی پۆلی ١٢ کۆدەکرێتەوە لەلایەن تۆماری گشتی ئەو کۆلێژانەوە، دواتریش لەلایەن لێژنەیەکی زانستی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، ئەوانیش وەزارەت سەرپەرشتییان دەکات.»